www.kurdistannet.org
10-8-2003 1:11

# سەدام حوسێن خەت مایل دەرچوو. . !

نورەدین سەعید وەیسی



* رۆژنامەنووسێکی کورد (کە ئێستا سکرتێری سەرۆکی پارتییە) لەکۆتایی هەشتاکاندا لە رۆژنامەی هاوکاریدا فەرمووبووی (سەرۆکی فەرماندە کوردایەتی دەکا) . . !، ماوەیەکی زۆربوو بیرم لەوەدەکردەوە گەلۆ سەدام دەبی چلۆن کوردایەتیەك بکا، تاشوکر بەم دواییانە لەبەڵگەنامەیەکدا دەرکەوت سەدام خەت مایلی پارتی و یەکێتی بووە لە ناو بەعسدا. . !

***** ***** *****

* هەندی رۆشنبیرمان هەن لەسەر ئەوەی نورەدین بەکوردی بە دوو واو بنووسری یا یەك، یا (ر) لەسەرەتای ووشە حەفتی لەژێر بی بان نا، رەنگە ئارەقەی رەش وشین بەیەك بکەن وسەروگوێلاکی یەکتریش لەخوێندا بگەوزێنن، کەچی کە بەم دواییانە بەبەڵگەو دیکۆمێنت هەندی حیزب (من الباب الی المحراب) سیخوڕودەسکەلای بەعس دەرچوون، ئەو رۆشنبیرانە نەك هەر لەداخان سەری خۆشیان نەخوراند، بەڵکو نەشیانووت وەیش بۆ میللەتی کورد! چەندین ساڵە ئەوسیخوڕانە کوردایەتی پی دەفرۆشن. .

***** ***** *****

*کەپارتی ویەکێتی خەریکی کۆبوونەوەی (تێروتەسەل) بوون بۆ یەکخستنەوەی حکومەتەکانیان، وتارێکم لەکوردستان نێتدا بلاوکردەوە ونووسیبووم ( (جی گارنەر بەخێروشایی وچەپکە گوڵی کوردانەوە رۆیشت وبریمەر هات، کەچی پارتی ویەکێتی هێشتا حکومەتەکانیان یەکنەخستووە) ) ، ئێستا بریمەریش بەنیازە ببێتە زاوای عیراقییەکان وبە ژنێکی چاوخومارەوە بگەڕێتەوە ئەمریکاوخەریکە تەقاعودیش ببی ، کۆبوونەوە تێروتەسەلەکانی (پەدك وینك) یش هەر بەردەوامن، دڵنیام کوڕی بریمەریش بەسەردان دەگەڕێتەوە لای ماڵە خاڵەکانی لەعیراق، کەچی کۆبوونەوەتێروتەسەلەکانی پارتی ویەکێتی (کە تا ئُیستا جگە لە مۆز خواردن هیچ ئەنجامێکیان نەبووە) هەرتەواو نابن.

**** **** ****

* دادگایەکی جەزائیری ئەفسەرێکی ئاسایشی لەسەر کارلابرد چونکە لەختوخۆڕایی شەقێکی لەگەنجێك هەڵدابوو، ئەگەر بڕیارێکی وا لەکوردستان جێبەجێ بکری ، دڵنیام لەزاخۆوە تا خانەقین شتێك نامێنی ناوی (ئاسایش) بی . . !

***** ***** *****

* مارینزێکی ئەمریکی لەهەولێر لە مارینزێکی سلێمانی پرسی : ئەری وەستا دەبی کەینی بگەڕێینەوە؟

مارینزی سلێمانی : بەساقەو بم، بەبی توورەکە;کردنە سەری سەرکردە بەعسییەکانی پارتی ویەکێتی وحیزبەکانی تر، بگەڕێینەوانی ئابڕوومان دەچی . . !

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی ، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.